# ئاوازێك لەباران

نیهاد جامی

دەروازەیەك بۆ باران

(1)

لەنێوان ئاوازو باران پەیوەندیەكی هاوبەش هەیە كە هەردووكیان لە هەر پڕۆسەیەكی تەئویلی توانای ئەوەیان هەیە قسە لە پەیوەندیی هاوبەش بوونی خۆیان بكەن، چونكە یەكەمیان گەر لە پڕۆسەی تەئویلی یەكەم دەلالەت بێت لە دەنگی مۆسیقی ئەوەی تریش دەركەوتنی ناو زەمەنی تایبەتمەندە كە هەردووكیان گوتارێكی ئیرۆسی بەرهەم دێنن، وەك چۆن پڕۆسەی تەئویل توانای ئەوەی هەیە هەریەك لە دوو ووشە كە وەك دوو ناو سەیر بكات كە بۆ ئەویتری نادیار پڕۆسەی نووسینەوەی هاوبە ش بەرهەم بێنن، پڕۆسەیەك قسەكردن بێت لە عەشق و شكستو تەنیایی، ئەوەش زیاترهەڵگری تەقینەوەی یادەوەریە لەناو نوسیندا.. یادەوەریەك پڕۆسەیەكی بیركردنەوەی تۆكمەی نێو تیۆر بەرهەمی نەهێناوە هێندەی عەشقی ئەویتری نووسەرە بۆ ئەوینی دۆست، كە دواتر تەواویی نوسینەكە دەكرێت وەك چەند گۆشەیەكی ڕۆژنامەنووسی یا ووتارێك سەیر بكرێت كە لەبارەی عەشقەوە دێتە دوان.

(2)

ئەوكاتەی بیر لە هاتنی وەرزێكی نویّ دەكەینەوە وەرزێك كە بارانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، ئەو بیركردنەوەیە بۆخۆی هەڵگری ڕۆمانسیەتێكە بۆ ژیان، بەریەكەوتنەوەیە لەگەڵ برین، بیركردنەوەیە لە كچێك كە قژی بە باران شوبهێنراوە، دەوشیّ ئەو وەرزە و قژی ئەو هەڵگری ئاوازێك بن، ئاوازی پیاوێك كاتێك شەوێك بەمەستی باران شوێنێكی نایەڵێت بە ووشكی، بەڵام ئەو بێئاگا لەو تەڕبوونە دەنگێك لەناوەوەیدا نایەڵیّ ئەو نهێنیەی بدركێنێت نهێنی بیركردنەوە لە باران و سەرلەنویّ گەڕانەوە بۆ برینەكانی حەسرەت، ئەوە برینی بارانە وامان لێدەكات بڵێین: جاران دەمووت تكایە كەس پێی نەڵێت ئەمجارە خۆم پێی دەڵێم، كەچی ئێستا بە دەنگی پڕ لە گریانەوە بەر لەوەی جانتاكەم بكەمە شان دەڵێم تكایە هەمووتان پێی بڵێن ئەوەتە جانتاكەی شانی پڕە لە هەناسە و پێكەنینەكانی تۆ، ئەوەتە حیكایەتەكانی منالّی تۆ وا بە شانیەوەیەتی، تۆ بێئاگا لەوەی دنیا خابوور دەبێت و وەرزی تەنیاییە كوشندەكان دەست پێدەكات، تكایە هەمووتان پێی بڵێن.

خودایە ئەو خەیاڵە نەگریسە چیە واز لەمن ناهێنێت، ئای خوایە من بەو بارانە سەرخۆشم، كەتۆ بڕیارت داوە هەر بمكوژی مەیەڵە ئەو سەفەرە تەواوكەم لەبەر ئەو بارانە بمكوژە، ئاخر چیم ماوە لێرە دەتۆ بە بارانێك لە ئاواز بمكوژە، بە ئاوازێك لە باران نوقمی نێو كۆڵانەكەی ئەوانم بكە و مێژوویەكی هاوبەش تەفروتوانا بكە، ئەگەر تۆ خودای بمكوژە، ئەگەر ئەویش لەشوێنی تۆیە ئەم سەفەر بڕۆمەوە پێی دەڵێم بە بارانی قژە خواییەكەت بمخنكێنە.

(3)

ئەوکاتەی دەمانەوێت لە چەند دەروازەیەك بۆ باران و ئاواز بچینە ناو زمان مەبەست تەنیا لەوەدا نیە ڕووبەرێکی سپی داگیر بکەین, چونکە دەشێ ڕووبەرە سپیەکان هەڵگریی دەلالەتی پاکیو تەنیاییو هێمنی بێت, بۆیە ئەوکاتەی دێین بۆ ئەوەی هەناسەی خنکاومان بێنینە ناو پانتایی زمانەوە, ئەوە نووسینێك نیە بەدوای بەرهەم هێنانی دەلالەتی فیکریەوە خۆی سەرقاڵ بکات, هێندەی هەناسەی خودێکی بێئومێدە کە دەیەوێت قسە لە ئومێد بکاتەوە, ئومێد لەناو ئەو وەهمە فانتازیانە نا کە ڕۆژانە لەناو نووسینی کوردیی گەنج فریو دەدەن, بەڵکو ئومێد لەناو ڕووبەری شکستو تراژیدیاکان, تراژیدیا لەو ڕووبەرەی کە ئەوەی بەشی شێرینەی لەناو ژیانی گەنج بەر دەکەوێت تەنایییە, بۆ ئەو نەوەیە تەنیایی بووە بە یەکێك لە سیما دیارەکان کە بەردەوام بەدەوریی ئومێدەوە دەسوڕێتەوە هەڕەشە لەجوانی دەکات, دەیەوێت لەناو زماندا پانتایەك بدۆزێتەوە بۆ گۆشەگیریی بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە زمان وەبەر خۆی بکات, ئەو کاتەی تەنیایی دێتە ناو پاسی سەیرانێکو نایەڵێ بەشداریی لە گۆرانی و چەپڵەی ڕێگا بکەین, ئەوکاتەی دەنگێك بەرەو یادەوەریی دەمانباتەوە, ئەوەتە ئەو خۆشەویستەی تا دوێنێ هەموو ئومێدێك بوو کەچی ئێستا زۆر بەتوندیی نائومێدیی هێناوە, نەك هەر ئەوەش ئەگەر یار شوبهێندرابێت بە خودا بەڵام لەناو درەختو لەبەردەم شەپۆلی ئاودا ئەوکاتەی هەموو دەتوانن وێنە لەگەڵ ئەو خودایە بگرنو خودا تەنیا نیە بەڵکو ئەوە بەندەکەیەتی تەنیایە, ئەو کاتە تەنیایی لەو دەپەڕێتەوە بۆ بەندەکەی, لەگەڵ فلاشی کامێراکان گریان دێتو یار بیر لە ئاشت بوونەوە ناکاتەوە, لە زەمەنێکدا کە زەمەنی بێ ئیحساسیە چونکە هاوڕێیەك نادۆزیەوە کۆتایی بەو بێدەنگیە بێنێت, لەناو ئەو خێڵەدا سوار چاکێك نیە بڵێت, ئەو کوڕە ناناسی, کچێکی خانو مان نیە ڕووم تێبکاتو بڵێت با دەستە خوشکەکەمت پێ بناسێنم, مرۆڤێکم دەست ناکەوێت بۆ ئەوەی سەرلەنوێ تەعاروفمان پێ بکاتەوە, بەر لەوەی پاسەکە بگاتەوە ناو شار من ڕووم لەتۆ کردووەو لەبەر خۆمەوە کەخەڵکی واتێدەگەن من گۆرانی ریکۆردەری پاسەکە لەبەر خۆم دەڵێمەوە کەچی لە ڕاستیدا بەشێوەیەکی خاو دان بەووشەکان دەنێم بۆئەوەی تۆ تێم بگەیت "خوایە تەنیایی کوشتمی, ئەو هەموو ساڵە تۆ چۆن بەرگەی تەنیایی بەندەکانی خۆت گرت, ئیدیی منی بەندەی تۆ خوایە بەرگەی تەنیایی تۆ ناگرم"

## عەشق و یادەوەریی

(1)

ئەوکاتانەی عەشق کۆتایی دێت ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها یادەوەری ئەو زەمەنەیە بەدواندنەوەی ڕابردووە, هێنانەوەی مردنە بۆ ناو ژیان مردنێك ڕۆژگارێك ژیان هەر ئەوە بووە, ئێستا بوون بەتەنها گەڕانەوە نیە بۆناو مردن, بەڵکو درێژ کردنەوەی خۆیەتی لەناو شکستی یادەوەریی, یادەوەری دەیەوێت عەشق زیندوو ڕابگرێتەوە, ئەوە شەڕکردنەوەیە لەسەر زەمەنێك کە کۆتایی هاتووە, گۆڕینی دنیایەكو ئیرادەیەکی مەزنە بۆ ژیاندۆستی, ئەگەر ڕاڤەی کۆمەڵایەتی پێی وابێت کە ئەوە خۆ هەڵخەڵەتاندنە, هۆکارەکەی ئەوەیە ئەو ڕاڤەکارە لەناو گوتاری مانەوە توانای

دەرباز بوونی نیە، ڕێك بە پێچەوانەی عاشق، عاشق کارەکتەرێکە هەرگیز بڕوای بە مانەوە نیە ئیرادەی خۆشویستن بەرەو سنوری نادیاری دەبات، نادیار توانای ئەوەی هەیە یادەوەری نەك هەر بەپیرۆز ڕابگرێت، نا بەڵکو دەتوانێ یادەوەری لەئێستادا بەشێك نەبێت لەشکست، بەڵکو گۆڕانی شکست بەئومێد بگۆڕنەوە، هیچ شتێك نیە هێندەی عەشق لەناو ئومێدا بژییێت، مەگەر تەنها فەلسەفەی مارکسیزم هێندە بڕوای پێی بێت، ئومێد گوتارێکە دەتوانێ خەونی گۆڕینی دنیای شکست خواردوو بگۆڕێت بەدنیای خۆشنودی، دنیایەك پەیوەستە بە ئیرادەی دوانەی بڕیاردەر کە دنیای توڕەی واقیع نەتوانێ دەسکاری زەمەنی کەینونی عەشق بکات، ئیتر کاتێ قسەکردنەکانو نووسین لەو بارەیە لای سەلەفیو دۆگماکان بە نووسینی شەخسیو زاتی ناو دەبرێن، هۆیەکەی هێندە ڕوونە بەوەی ئەو کەسانە نەیان توانیوە ڕۆژێك تەنها بۆ ڕۆژێك عاشقێکی ڕاستگۆبنو بیر لە غەریزە شەهوانیەکانیان نەکەنەوە بۆ چرکەیەك بتوانن خۆیان تەسلیمی رۆح بکەن، بۆیە کاتێ عەشقێك دەبینن یاخود ستونێکی ڕۆژنامەوانی لەو بارەیەوە بەرچاویان دەکەوێت بەلەسە دەبنو خێرا دەڵێن ئەو نووسینە زۆر شەخسیە، وەك ئەوەی ئەوان لەبارەی سیاسەتو شەڕە حزب دەینووسن نووسین گەلێك بن هەمووی میتۆدی قووڵ لەپشت فەرهەنگی جنێوەکانیان بێت، کە لەڕاستیدا بۆ ئەو جۆرە کەسانە گوتاری پیاوبوون ترسێکە بەردەوام هەڕەشەکان بۆ سەر ئەو گوتارە سەیر دەکەن، دەیانەوێت ئەو گوتارە نەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی نەمان، دەنا ئەوان لەهەموو کەس باشتر لەوە تێدەگەن قسەکردن لە خودە دەتوانێ وێنای فەزایەکی گەورەتر بکات بۆ دنیا کە وێنای ژیانی کۆمەڵی بێت، خۆ ئەگەر ئێمەش بەهەڵەدا چووینەو ئەوان ئەو توانای ئەوەیان نیە ئیدی گوناهی ئێمە چیە کە خەڵکانێك تێنەگەنو حەزی تێگەیشتنیشیان نەبێت.

(2)

ئەوکاتانەی بڕیارم دەدا بەیەك جاری لەخۆمت دەرکەمە دەرەوە کەچی شەوەکەی دەمبینی خۆت قاپی شەرابەکەی بەردەممت هەڵ دەپچڕی، سبەینێ بە دڵی شکاوەوە جانتاکەم پڕدەکرد لە کتێبوهەندێك پیاسەی تۆو هاوڕێکانت بەرلەوەی بگەمە کانی وەتمان جانتاکەم دەجولایەوە بەترسەوە زنجیری جانتاکەم دەترازاند تۆ بەهێمنی بێ ئەوەی هیچ شەرمێك دات بگرێت دەهاتیە دەرەوە بەر لە من دەچووی بەرەو مێزێك داوای دوو کوپ چات دەکرد بە نیگا ئاماژەت بۆم دەکردو ئەوانی لە دەورمان بوون داوای گۆشتی بەرخ و گا و پشیلە و مرۆڤیان دەکرد بە قێزەوە سەیری ئێمەیان دەکرد ڕاستر وایە بڵێم سەیری منیان دەکرد، چونکە تۆ بە ئاسانی نەدەکەوتیتە بەرچاوی ئەوان، بۆیە پێیان وابوو من شێتێکی تازەم و لەبەر خۆمەوە وڕێنە دەکەم، کە من سواری تاکسیەکە دەبوومەوە تۆ نەدەهاتیەوە ناو جانتاکەم بەڵام بەڵێنی ئەوەت پێ دەدام کە شەوێك بێیتە شوقەکەم بۆ سەرکارێز، هاوڕێکانت دەهاتنە لام دەمزانی لە نیگایان حیکایەتی عاشق بوونی تۆم لە چاویان دەبینی عاشقێتی کوڕێکی ڕۆژهەڵاتی کە ناتوانێ دڵی بدات بە تۆ.

ئەوکاتەی تۆ بیرت لە شکست دەکردەوە من گوێم لەگۆرانیەکەی ڕۆژکەریم گرتبوو دەمویست ستونێکت بۆ بنووسم بەڵام بیرم دەکەوتەوە کە من پێشتر ووتارێکم لەسەر ئەو گۆرانیە بۆت

نووسیووه, یەکسەر پەشیمان دەبوومەوە, من مەبەستم نەبوو بنووسم بەڵام کاتیٚ عەشقە کورتەکەمانم بیر دەهاتەوە ئیدیی تا ساتی بێهۆشی خەریکی خواردنەوە دەبووم بە سێبەرەکەتم دەووت کە من پێت ناڵێم بۆچی واتکرد بۆچی هاتی بۆ ڕۆیشتی ئیدیی بۆ ناگەڕێیتەوە, ئاخر من نیازی گلەیی کردنم نیە تا سەرکۆنەت کەم بەوەی کەتۆ خەونێك بووی لەچاوی من زوو ڕۆیشتی, بڕوابکە هەرگیز ناڵێم نەخێر ناڵێم کوانیٚ هیواو خەونەکانم, بیر لەوە مەکەوە من پێت بڵێم بۆچی واتکرد بۆچی هاتی بۆ ڕۆیشتی نەخێر هەرگیز قسەی واناکەم تەنها دەڵێم بۆنایەوە..!

(3)

ئەوکاتەی ئەزمونە جیاوازەکانی ژیان تووشی بەریەکەوتنمان دەکات لەگەڵ خۆماندا ئەو ساتە دەبێتە ڕووبەرێك بۆ ئەوەی مومارەسەی بیرکردنەوەی تیا بکەین, کاتیٚ عەشقێك جیاواز بە هەموو ماناکان مومارەسە دەکەین ئەو ساتە ئەو مومارەسە کردنە ناتوانیٚ وێنەیەکی ڕۆشن بخاتە ڕوو چونکە لەناو زەمەنە هەنوکەییەکەی عەشقدا دەژیین بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو عەشقە بۆ ماوەیەك تووشی دابڕانو جۆرێك لە شکست هات دەشیٚ ئەو یادەوەریە نزیکە بخەینەوە لە ناو پانتایی ڕەخنەوە, کە ئەوساتانەی لەگەڵ دۆست بەهەند وەرمان نەگرتووە ساتێك بوون پڕاو پڕ لە جوانی, لەناو ئەو جوانیانەشەوە دەتوانین جیاوازی دۆست لەگەڵ ئەوانی پێشوو ببینین, بۆیە ئەوە دانپییانانی پیاوێکی شکست خواردوو نیە بەڵکو داننانە بە جوانیەکانی عەشق ئەو کاتانەی هەست دەکەین تەمەنی هەڤدە ساڵەی عەشق جگە لە خۆ هەڵخەڵەتاندنێکی نێرانە شتێکی تر نەبوو, ئاخر ئەو تەمەنە عەشقی تیا نەبوو بەڵکو بەرامبەرەکانمان دەیانوویستماڵیان هەبێت جا لە گەڵ هەر کێیەك بێت گرنگ نیە, هەرگیز عەشق لەلای ئەو جۆرە کەسانە کێشەیەکی خودیی نەبووە هێندەی کێشەی ماڵ و مناڵ بە ژیانەوە کۆی کردوونەتەوە, بۆیە لەبەرامبەر نازکیەتی عەشقی تۆدا من شتێکم نیە پێتی بڵێم تەنها ئەوە نەبێت" نە بەر لەتۆ کەسم خۆشویستووە, نە دوای تۆش-زمانم لاڵ بێت-گەر بڵێم یەکێکی ترم خۆش دەوێت"

## بیٚ عەشق چیبکەین؟

(1)

ئەوکاتەی عەشق لەدەست دەدەین بیرکردنەوە لەیۆتۆپیا بۆئایندە دەگۆڕێتە سەر بیرکردنەوە لەیادەوەریی، خەون دەمرێتوبیرکردنەوە لەڕێگەی خەیاڵەوە دەیەوێت یادەوەریی لەئێستادا بژیێت، بەڵام ئایا یادەوەریی دەتوانێت ئێستای نوقم بوو لەناو تەنیایی بگۆڕێت بۆ زەمەنی هەنوکەیی عەشق؟

ئەو کاتەی هەست بەو ڕاستیە دەکەین، کە هیچ وەڵامێك نیە بۆ ئەو پرسیارە جێگەی ئومێد بێت، ئومێد کە گوتاری باڵای عەشقە، ئەو کاتەی ئومێد نەما تەنیایی دەمانباتە سەر پرسیاری"بیٚ عەشق چیبکەین؟" ئەوپرسیارە لەڕاستیدا گەڕانە بەدوای ئەویتری وون، کە گەر مانایەك بۆخود هەبێت ئەوا(ئەویتر) ئەومانایە بە بوونی دەبەخشێت، لەدەستدانی ئەویتر وون بوونی خودە لەناو زەمەن و شوێن، چونکە هەست دەکات زەمەن بەبیٚ دۆست زەمەنی فیگورە توڕە و

شەڕانگێزەکانە، زەمەنی کوشتنی جوانی و قامچی جەللادە، بوونی ئەویش لەدەرەوەی ئەو زەمەنەوەیە، چونکە زەمەنێکە هەر ئینتیماکردنێك بۆی دواجار دەبێتەوە بەشێك لەناو فیگوری بکوژ، بۆیە ئەو خودێکی ناو ئەو زەمەنەیە، تێکشکاندنی ئەو زەمەنە گەڕانەوەیە بۆناو یادەوەریی، بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ یادەوەریش دەبێت شوێن وەك پانتاییەك لە ڕابردوودا ببینین، ئەو کاتەی هەموو ئەوانەش دەبن بە وەهم، بۆیە ڕووبەڕووی دیدێکی نوێ دەبینەوە، دیدێك کە تەنیایی و نائومێدیی بۆمان پێشنیار دەکات ئەویش دەرچوونە لەشوێن، کۆچکردن لە شوێن و کوشتنی خودە بۆ ئەوەی یادەوەریی وێرانمان نەکات، هەریەك لەو دوانەش ڕووبەڕوو پانتاییەکی سەربەخۆی هەیە بۆ ئەوەی لەسەری بووەستین.

(2)

کۆچ ئەگەر هەڵگری هەر مێژوویەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بێت، ئەوە لەناو ئەو چەند دێرەدا هەڵگری مانایەکی جیاوازە، مانایەك پەیوەستە بە یادەوەریی عاشقەوە، ئەو بۆیە شوێن(ئێرە) بەجێ دێڵێت، چونکە هەست دەکات شوێن دەبێتە ئاماژەیەك بۆ ڕابردووی کوژراو، ئەو ئاماژەیە دەلالەتی تەرم لەخۆ دەگرێت، قەبووڵ نەکردنی مانەوەیە لەتەك تەرمدا، کۆچ دەیەوێ دڵنیای بکات کە(ئێرە مردن) ە ڕاستە ئەو تەرمە زیاتر مانایەکی مەجازی هەیە بەوەی کەس نەکوژراوە، بەڵام کۆتایی هێنان بە عەشق بۆ کەسی عاشق کۆتایی هێنانە  بە جوانی و بە ژیان، کوشتنی هەموو چالاکیەکی ڕۆحی و جەستەییە، لەو سەفەرە گرنگ نیە بۆ کوێ دەڕۆیت، گرنگ ئەوەیە(ئێرە) بەجێ بێڵیت، ئەگەرچی دڵنیا دەبێت لەوەی(ئەوێ) توانای ڕزگار کردنی خودی عاشقی نیە، بەڵام ئەو سەفەرە پێمان دەڵێت دەبێت کۆمەڵگایەکی تر بدۆزینەوە کە پڕبێت لە جیاوازی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا بکوژە.. پێویستت بە کلتورێکی تر هەیە، کە زمان و فەرهەنگ و ئاکار تیایدا جیاواز بێت، هەریەك لەو چەمکانە لەناو دەلالەتی ترەوە ئیش بکەنەوە، ئەو کاتە بوونی خود لەناو ئەو کلتورە نامۆیە دڵنیابوونە لەوەی دەبێت دەسپێکردنەوە لەژیان لەناو پانتاییەکی جیاوازەوە سەرهەڵبدات، پانتاییەك کە لەگەڵ کۆچکردن بۆ (ئەوێ) هەموو ئەو یادەوەریەی کە(لێرە) هەتبوو بەجێی بێڵیت و شەڕی خۆت لەگەڵ ئەو کلتورە ڕابگەیەنیت، کە تۆ هاتوویت بۆ ئەوەی لەڕێگەی  خودێکی ترەوە کە لە کلتورێکی جیاواز دەست بە ژیان دەکەیتەوە، کلتورێك جیاوازی(ئەویتر) ی قەبووڵ بێتولەو جیاوازیەوەش سەیری پەیوەندیی و شتەکان بکەیتەوە ، بەڵام ئەو کاتەی هەستمان کرد لەناو ئەو کلتورەش ئێمە هەر کوڕی یادەوەرین و ناتوانین لە ڕابردووی دۆڕانی عەشقەکەمان دەربازمان بێت، ئێمە کە خێزان و هاوڕێ و شار و هەموو بەها پیرۆزەکان لەیاد بکەین و بەڵام هەستمان کرد هەرگیز ناتوانین یادەوەریی عەشقەکەمان لەناو خۆمان بکوژین، ئەو ساتە ناچار دەبین بیر لەپێشنیاری خۆکوشتن بکەینەوە، خۆکوشتن نەك وەك بیرۆکە بەڵکو وەك پرۆسەیەك کە بە ئەنجامی بگەیەنین.

(3)

خۆکوشتن بەمانای سڕینەوەی هەموو ئەو چالاکیە ئۆرگانی و فیزیکیانە، ئەگەر لەئەنجامی کاردانەوەیەکدا بیرۆکەی خۆکوشتن لەناومان سەری هەڵدا دەکرێت ئەوەیان وەك جۆرە

ناڕەزایەتیەك نیشان بدەین و هەڵوێستی ئەخلاقی بۆ ڕاستگۆیی لەگەڵ جەستەی خۆمان بەو بیرۆکەیە دەربڕین، بێئەوەی کەسێك پێمان بزانێت، بەڵام ئەو کاتەی خۆکوشتن لە بیرۆکەوە دەگوازینەوە بۆ پڕۆسەیەکی ئەنجامدەر ئەوساتە هەموو ئەو گریمانەی گەر لەپێشوودا هەبێت ئەمجارە قڵپ دەبێتەوەولێمان دەپرسن"بۆخۆت دەکوژیت؟" ئەو پرسیارە پێویستی بە قسەکردنەوەیە لەکوێی ئەو زەمەنەی کەبوونی خود هاوواتایە بەبونی عەشق، بۆیە پرسیارکار لەکاتێکدا چاوەڕوانی وەڵامە، کەچی دەبینیٚ پرسیاری ئاراستە دەکرێت، پرسیاری ئەوەی "بۆخۆم نەکوژم؟" ئەوساتە دەبێت لەناو پرسیاریتردا بین، ئیدیی پرسیار لەخود ناکرێت، چونکە پرسیارکاری یەکەم دەپرسێت"بەڕاست بۆخۆی دەکوژێت؟ ئەدی بۆ خۆی نەکوژێت؟ "هەڵبەت کەسێك ئەو جۆرە پرسیارە لە خودی عاشق دەکات کە ئەگەر بۆ زەمەنێکی دەست نیشان کراویش بێت لەناو عەشقدا ژیابێت، ئە وکاتەی وازمان لیٚ دێنن و بە پرسیارەکە خۆیان سەرقاڵ دەکەن، ئەوسا دەکرێت دوانی خود دوان بێت لەتەك جەستە بەوەی دڵنەوایی جەستە بکرێتەوە، کە تۆ ناکوژم، بەڵکو ئەویترت تیا دەکوژم، چونکە ئەوەتا ئەو لەناومایە.. لەناو دەنگوڕۆحدایە، ئەوکاتەی ئەو لەناو خۆم بکوژم و بمرم، جا گوناهی من چیە کە بیٚ ئەو نەتوانم بژیم؟

## شەراب و ژن

(1)

بۆچی ژنوشەراب لەیەك ئەچن؟ ئەو شوبهاندنە لەکوێوە هاتوە؟ ئەو کاتانەی تەنیا ئەبین هەست ئەکەین لەجیهانێکداین هەر خۆمان و خۆمان خەیاڵ بەرەو شەراب خواردنەوە دەمانبات، ئەو خەیاڵ بردنەوەیە لە جەوهەردا خەیاڵبردنەوەیە بۆ ژن، ئاخر ئەوە ژنە لەتەنیایی وامان لیٚ دەکات بیر لە شەراب بکەینەوە، بۆ من دەشیٚ ساتەوەختی خۆ ئامادەکردن بێت بۆ دنیایەکی تر دنیایەك ئەوەی تەمەن ماوە بیدەمە دەست شەرابەوە، چونکە لەوە ناچێت دۆستە تۆراوەکەم بیەوێت ئیدیی ئاشت بینەوە بۆیە ناچارم بیر لەوە بکەمەوە ژوورێکی تر لەشوێنێکی دوورە دەست بەکریٚ بگرم، وەك نەریتی هەمیشەییم، بێئەوەی ئەمجارە تێکەڵی کەسبم و هیچ مرۆڤێکیش بکەم بە هاوڕێی خۆم، نائەمجارە هەڵەی وا ناکەم، هەوڵ دەدەم لە دیواری ژوورەکەم لەژێر وێنەکەی داریوش کە بووە بەنەریتی نێوان منودیوار گۆرانیەکەی بەگەورەی بنووسمەوە"دڵی من ئیدیی هەڵە نەکەیت، بەغەریبە وەفا نەکەیت، خەڵکانێکت ناسی دڵی من، کەسانێکت ناسی دڵی من" لە دەرگای ژوورەکەشم وەك جاران نانوسم"میوانی ئازیز ئەگەر هاتیە ژوورەوە تکایە ژن یا شەرابت بیر نەچێت"ئەگەر رۆژێك لەسەر دەرگای ژوورەکانی تیا ژیام وەك ئامۆژگاری بۆ میوانەکان وام دەنووسی ئەمجارە هەڵەی وا ناکەم ئیدیی کەس میوانی من نیە، من ئازیزترین میوانی رۆحم نرخی تاکە پێڵاوێکی خۆی بۆدا نەنام، ئای دڵی من بۆوات پێکرا، ئیدیی بۆ هەتا هەتایە ژن نایەتە ژوورەکەی من بەڵام شەراب هەموو کاتێك لەویٚ دەبێت، ئیدیی قاپی شەراب هەر دەڵێی کچێکی قژ خورماییەو لەهەینیەکدا لەپاڵما دادەنیشێت، قاپە شەرابەکە دەمباتەوە بۆ ئەویٚ بۆ بەیانیەکی دوا ڕۆژەکانی ساڵ هەموو شتێك هێمن تێدەپەڕیی هیچ ناڕێکیەك نەبوو دەنگێك

لەناکاو هات هەردەڵێی شەپۆلێکی کتوپڕی سەمفۆنیایەکی مۆزارت بوو، خێراتر لەئیقاعەکەی ئەو ووتی" زووبە درەنگە با جیاببینەوە" بەدەنگی پشیلەکەی بەردەم ژوورەکەم بە ئاگادێمەوە، بیر لە نووسینی ووتارێك دەکەمەوە بەیانی کەچاو دەکەمەوە ئەوەی خوارەوەم نوسیوە:

(2)

لەنێوان ژنوشەراب کەلێنێك هەیە ئەو کەلێنە دەبێت شیعر پڕی بکاتەوە لەڕێگەی خەیاڵبردنەوەی هەریەکێکیان بەوەی ترەوە بەمانای ئەوەی شەراب ساتەوەختێکە جەستەی ژن دەنووسێتەوە، ژنیش ڕووبەرێکە لەبیابانێکی دوور دەچێت، ئەوکاتانە دەڵێیت لەناو سیناریۆ سینەماییەکانی(زامفێر) داین، کۆمەڵێك چەتری شکاوو کۆنە ڕۆژنامە و پیاوێك لەسەر گالیسکەیەکی سەدەکانی ناوەڕاست بەبیابانەکەدا تێدەپەڕێت.. بیابانی ژن ، منالێك لەو بیابانە سەری بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە بەسەر هەورەکانەوە داریوش دەبینێت خەریکی گۆرانی ووتنە لە قولآیی بیابانەکەدا خەج دەستی بە شاخەکانی کەڵە ئاسکێك گرتووە ،داوای سیامەندی عاشقی لێدەکاتەوە، کۆمەڵێك سەگ بەربوونەتە تەرمی بەکر مەرگەوەری شاکارەکەی خانی، حەبیبە و سەلماو زین و شیرین لەبەردەم قاچەکانی کچێکی قژ خورمایی دەکەون‌و تکای لێدەکەن کە نەیەڵێت پیاوە کوێرەکەی نێو بیابانەکە خۆی بکوژێت، ڕۆمیۆ بەدەم سەماوە دەستی لەکەمەری جۆلێت ناوە بە ئاوازێك لە باران دەڵێت" عەشق بکوژیت دیسان خۆمان ژەهر خوارد دەکەینەوە" مۆنالیزا لە چوار چێوەی وێنەکە ڕەنگی ئاوازێك لە باران دەگرێت خەندەکەی دەبێت بە گریان دەست بە جولە دەکات، لە چوار چێوەکە دێتە دەرەوە قەلەمێك لەسەر مێزەکە هەڵدەگریت شیعرێك دەنوسێت بە ناوی"من قاپێك شەرابی سێسەد ساڵ بەر لەئەمڕۆم" دێتە بەردەمم دەڵێ بەر لەوەی ئەو ووتارەت تەواو بکەیت، تۆزێك لەمن بخۆرەوە، پەلە بکەی خراپ نیە، چونکە من وەك هەمو جارێك زوو بەجێت دێڵم.

(3)

دەرگای ژوورەکە دەکەمە بۆ ئەوەی پشیلەکە بێتە ژوورەوە سەیرێکم دەکات و چاو بە کون و قوژبنی ژوورەکە دەگێڕێت، هەست دەکات مانەوەی لەو ژوورە بۆنی شەراب و تەنیایی دەیکوژێت، بە میاوێك بەجێم دێڵێت، ڕەشەبایەك دەرگای ژوورەکە دادەخات، من پڕ بە دەنگم هاوار ئەکەم با ڕەشەباکان بەرەو بیابانم بەرن نەیەڵن بگەم بە تۆ.. تۆ لەناو ڕۆحمای.. چەند گەمژەیە ڕەشەبا کە بونت لەناو ڕۆحما نابینێ، کارەباکە دەکوژێتەوە بەدەستی لەرزۆکەوە دەست بۆقاپی شەرابەکە دەبەم شەرابەکە لەدەستم دەڕژێت‌وتێکەڵی ئەونامەیە دەبێت کەیەکەم نامەو دوانامەی تۆ بوو لای من، ئەو گوڵەی بەیەکەوە خستمانە ناو شوشەیەکەوە بە شەرابە ڕژاوەکە زیندوو دەبێتەوە.. سوور دەبێتەوە..سوور وەك کراسە سورەکەی تۆ، ووردە ووردە گوڵەکە دەبێ بە تۆ، من هەست دەکەم دەبێت ژیان لێرەوە تەواو بێت، سبەینێ لە ڕۆژنامەدا لەو رۆژنامەیەی لەیەکەم ژمارەیدا کارم تیاکردبوو لە سوچێکی دوا لاپەڕە لەخوار وێنەیەکەی ئەنجیلیا جۆلی بە بچووکی نووسراوە "نیگەرانین بەمەرگی هاوڕێیەکمان، بەڵآم بەداخەوە وێنەیەکیمان دەست نەکەوت، بۆیە نەمان توانی هەواڵەکەی لەلاپەڕە یەکی رۆژنامەکەمان بڵاو بکەینەوە"